ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دروستکردنی ماڵپەڕ (1)، فۆتۆشۆپ.

نووسەر:
:@

1.کردنەوەی پەڕەیەکی نوێ و ڕێکخستنی وەک وێنەکەی خوارەوە:




تێبینی:(هەڵبژاردنی ئەو قەبارە بچووکە بۆ ماڵپەڕەکە بۆ ئەوەیە کە بزانی چۆن دروست دەکرێت ماڵپەڕ بە فۆتۆشۆپ، خۆت دەتوانی بەو قەبارەیەی کە دەنگونجێت لەگەڵ ماڵپەڕەکەتدا درووستی بکەیت).

2.گەورەکردنی پەڕە نوێیەکە تا 100% .

3.بۆ ئەوەی کارەکە بە ڕێکی دەرچێت لە خشتەی مێنوەکاندا بچۆ View>>Show>>Grid




4.بۆ ڕێکخستنی نێوان خەتەکان دەچینە Edit>>preferences>>Guids,grid&slices وە بەو قەبارەیە ڕێکی بخە وەک وێنەکە:



5.چینێکی نوێ درووست بکە بە Layer>>New>>layer وە ناویکی بنێ وەک لە وێنەکەدا دیارە:




6.پەنجە بنێ بە ctrl+A وە دڵنیابە کە چوارچێوەکە دیاری کراوە، پاشان بچۆ خشتەی Edit>>Stroke هەڵبژێرە.
7.چینیکی نوێ درووست بکە دووبارە بەshift+ctrl+N.
لە خشتەی ئامڕازەکاندا ئامڕازی دیاری کردن هەڵبژێرە وەک وێنەکە:



8. بە ئامڕازی دیاری کردنەکە بە بەرزی سێ چوار گۆشە لە سەرووی وێنەکە دیاری بکە، چاو لە وێنەکە بکە:



9.ڕەنگێک هەڵبژێرەو پاشان بە ئامڕازی ڕەنگ کردن ئەوەی دیاریمان کردووە ڕەنگی بکە، پاشان پەنجە بنێ بە ctrl+D.
10.درووست کردنی چینێکی نوێ وە ناوێکی بنێ بە ئارەزووی خۆت.
11. دووبارە ئامڕازی دیاری کردن هەڵبژێرە و بە بەرزی حەوت چوارگۆشە وێنەکە دیاری بکە،وە ڕەنگێکی بۆ هەڵبژێرەو بە ئامڕازی ڕەنگ کردن ڕەنگی بکە ،پاش ڕەنگ کردن پەنجە بنێ بەctrl+D وەتەماشای وێنەکە بکە:



کۆتایی بەشی یەکەم.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت